زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر

Salahaddin University-Erbil

# ڕۆڵی ئاوەڵکارەکان لە لکاندنی دەق

# (ڕۆمانی بێ سەرپەرشتان)بەنموونە

## پڕۆژەی دەرچوونە

ئەم توێژینەوەیە پێشکەش بە سەرۆکایەتی بەشی (زمانی کوردی) کۆلێژی زمان کراوە، وەک بەشێک لە پێداویستییەکانی وەرگرتن بۆ بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە بواری (زمان و ئەدەبی کوردی)دا

ئامادەکراوە لەلایەن:

**دنیا طارق صديق**

بەسەرپەرشتی:

**پ.ی. د. مزگين عبدالرحمن**

٢٠٢٣-٢٠٢٢

ناوەرۆک


| بابەت | لاپەرە |
|---|---|
| **پێشەکی** | ١ |
| **بەشی یەکەم : ئاوەڵکار و جۆرەکانی** | ٣ |
| زاراوە و پێناسەی ئاوەڵکار | ٣ |
| زاراوە ی ئاوەڵکار | ٣ |
| پێناسەی ئاوەڵکار | ٣ |
| تایبەتییەکانی ئاوەڵکار | ٤ |
| پۆلێنکردنەکانی ئاوەڵکار لەزمانی کوردیدا | ٤ |
| یەکەم :ئاوەڵکار لەڕووی پێکهاتنەوە | ٤ |
| دووەم:ئاوەڵکار لەڕووی واتاوە | ٧ |
| سێ یەم : ئاوڵکار لە رووی ئەرکەوە | ١٠ |
| **بەشی دووەم : .دەق ولکانی دەق** | ١٢ |
| پێناسەو زاراوەی دەق. | ١٢ |
| تایبەتمەندیەکانی دەق | ١٤ |
| جۆرەکانی دەق | ١٥ |
| لکان | ١٦ |
| **بەشی سێیەم :رۆلی ئاوەلکارلەلکانی دەق لەڕۆمانی بێ سەرپەرشتان** | ١٧ |
| کورتەیەك دەرباری ئەم ڕۆمانە | ١٧ |
| ئاوەڵکارەکان لەڕۆمانی بێ سەرپەرشتان | ١٩ |
| **ئەنجام** | ٢٥ |
| **سەرچاوەکان** | ٢٦ |

## پێشەکی

### ١-ناونیشانی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (رۆڵی ئاوەڵکارەکان لەلکاندنی دەق لە رۆمانی بێ سەرپەرشتان)کە سەبارەت بە ئەرک و شێوازی هاتنی ئاوەڵکارکانە لە رۆمانێکی کوردیدا کە چۆن ئاوەڵکار بوونەتە هۆی پێکەوە و بەستن یان لکاندنی دەق لەم رۆمانەدا.

### ٢-هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە:

لەبەر ئەوەی کەمتر باسی دەق و رۆڵی دەق کراوە لە لکاندنی دەقەکان ناو نوسین و ئەدەبیات کوردیدا بۆیە ئەم بابەتە هەڵبژاردرا،هەروەها بەهۆی ئەوەی کە بابەتێکی زمانی و ئەدەبیە گرنگی خۆی بووە کە ببێتە هەوێنک بۆ لێکۆلینەوە پراگماتیک و شێوازگەری لە کوردیدا.

### ٣- رێبازی لیکۆلینەوە:

**ئەم لێکۆلینەوەیە بە پێی رێبازی(وەسفی ،شیکاری) ئەنجام دراوە و باس و شرۆڤەی بابەتیک. وەکو دەق دەکات.**

## ٤- سنور و کەرەستەی لێکۆلینەوە:

سنوری ئەم لێکۆلینەوە لە چوارچێوەی شروڤەو لیکدانەوەی هەندێ ئاوەڵکارە کە لە دەقێکی دیاریکراوی وەکورۆمانەکەدا باسی لێدەکرێت هەروەها بە کەرەستەی زمانی کرمانجی ناوەراست نوسراوە.

## ٥- **پێکهاتەی لێکۆلینەوە:**

ناوەرۆکی توێژینەوەکەم لەپێشەکی و لەسێ تەوەرە پێکهاتووە:

تەوەری یەکەم لەچەمک و پێناسەی ئاوەڵکارو تایبەتمەندییەکانی ئاوەڵکار و پۆلێنکردنی ئاوەڵکار پێکهاتوو , تەوەری دووەمیش لەدەق ولکانی دەق زاراوە وپێناسەی دەق لەگەڵ تایبەتمەندی دەق و جۆرەکانی دەق ولکان لکانی ڕێزمانی ولکانی واتایی پێکهاتوو . تەوەری سێ یەمیش لەکورتەیەک دەرباری ئەم ڕۆمانەوئاوەڵکارەکان لەڕۆمانی بێ سەرپەرشتان پێکهاتوو، لەکۆتاییدا ئەنجام و لیستی سەرچاوەی باسەکەم خستوەتەڕوو.

## بەشی یەکەم : ئاوەڵکار و جۆرەکانی

### ١,١ زاراوە و پێناسەی ئاوەڵکار

### ئاوەڵکار وەکو زاراوە:

ئاوەڵکار وەکو زارەوە:- بەتەواوی لەگەڵ مەبەست وناوەرۆکیدا گونجاوەو زاروەییێکی لێکدراوە پێکهاتووەلە :وشەی ئاوەڵ( هەڤاڵ ) ( هەواڵ )+کار( فرمان )= ئەوەی کەلەگەڵ کاردا دێت ,هەروەك ئاوەڵناو,کە لەگەڵ ناودا دێت و وەسفی دەکات وڕوونی دەکاتەوە.( د.فەخریوموکریانی,١٩٨٢, ١٦٧ )

-لەزمانی کوردیدا جگە لەزاراوەی (ئاوەڵکار) ,زاراوەکانی (ئاوەڵفرمان-ئاوەڵکار-ئادڤێرب-هاوەڵکار-هاوڵکردار) بەکاردێن.( خۆشناو, ٢٠١١، ٧٩ )

### پێناسەی ئاوەڵکار:

١- ئاوەڵکار: وشەیەکە ,یان کۆمەڵە وشەیەك لە ڕستەدا کات, یان شوێن یان چۆنیەتی یان داکۆکی وڕادەی ڕوودانی کاری ڕستە دیاردەخات.ئاوەڵکار وەکو بەشێك لەبەشەکانی ئاخاوتن دەژمێردرێ. ( پ.د.سەعید,٢٠١٣, ٥٤ )

٢- ئاوەڵکار: بەشێکە لەبەشەکانی ئاخاوتن .کەواتە وشەیە. بەلاّم بە پیی خاسیەت ودەوری لەزمان وڕستە دا لە وشەکانی ترجودا دەکرێتەوە.( د.فەخری,موکریانی,١٩٨٢, ١٦٧ )

٣- ئاوەڵکار: ئەوبەشە ئاخاوتنەیە کە پەیوەندی ڕستەوخۆی بەکارەو هەیە و وەسفی کات و شوێن و چۆنیەتی ڕوودان وڕوونەدان....ی دەردەخات.( دزەیی٢٠١٢, ٧٧ )

٤- ئاوەڵکار: بەشێکی ئاخاوتنە تەواوکەری فرمانە لەرووی کات وشوێن وچۆنیەتی وچەندێتی وڕادە و تەریب و ژمارەوە. واتە لەم روانەوە وەسفی فرمان دەکات .( پ.د.شوانی,٢٠١٤, ٨١ )

٥- ئاوەڵکار: بەشێکە لە بەشەکانی ئاخاوتن,کە وەسفی کارێك دەکات لەڕستەکەدا چونکە کات و شوێن و چۆنیەتی و چەندییەتی کارەکە لەڕستەدا دەستنیشان دەکات,ئاوەڵکار دۆست وهاورێی کارە.( خۆشناو,٢٠١٢, ٧٩ )

## ٢,١ :تایبەتییەکانی ئاوەڵکار:-

١-بەشێکی ئاخاوتنە.

٢-وەسفی فرمان دەکات واتە دەبێتە تەواوکەری لەرووی کات و شوێن وچۆنیەتی و هتد.

٣-دەوری لەئاستی رستەسازیدایە.

٤-ئاوەڵفرمان بەشێوەیەکی سەربەخۆ وەکو وشەیەك زۆر بەکەمی هەیە لەوشەسازیدا, واتەوشە وزیادەی ترە ئەم ئەرکە دەبینن و گرێ پێکدەهێنن ودەبنە ئاوەڵفرمان.بۆیە بیروڕایەك هەیە کە ئاوەڵفرمان بەزۆری ناون یان وشەی ترن وەکو شوێن,کات,ژمارە, پلەو رادە لەئاخاوتندا بەهۆی مۆرفیمی بەند و ئامرازەوە ئاوەڵفرمان دروست دەکەن و دەبنە تەواوکەری فرمان ,کەواتە وشەو گرێی ئەرکین ئەگەرچی چەند وشەیەك هەیە وەك ( ئەوا, ئەوە,ئێستا, لێرە,وا, لەوێ....هتد )دەکرێت ئاوەڵفرمان بن.( شوانی,٢٠١٤, ٨٢و٨٣ )

## ٣,١ پۆلێنکردنەکانی ئاوەڵکار لەزمانی کوردیدا

### ١,٣,١:ئاوەڵکار لەڕووی پێکهاتنەوە

لەڕووی پێکهاتنەوە ئاوەڵکار دابەش دەبێ بەسەر( سادە و دارِژاو و لێکدراودا )

١- **ئاوەڵکاری سادە**: بەو ئاوەڵکارانەدەوترێت کە لەیەك وشەی واتاداری سەربەخۆ پێکدێت,وەك( خێرا, هێدێ,هێمن,باش,خراپ,زۆر,فرە,ئێستا, پار,سەر,ژێر... )

( خۆشناو,٢٠١٢, ١٥٠ )

٢- **ئاوەڵکاری داڕێژاوە** : بەو ئاوەڵکارانە دەوترێت,کە لە ئاوەڵکارێکی سادە لەگەڵ پێشگرێك یاخود پاشگرێك یاخود هەردووکیان پێکدێت,وەك( بێگومان,بێ شك ,بێ ناز,بەتەنیا,بە پەلە ) یاساکانی سازکردنی ئاوەڵکاری داڕێژاوە بەم شێوەیەی خوارەوەن:

١- پێشگر+ناو=ئاوەڵکاری داڕێژاوە

بە+ناز=بەناز

بە+شەو=بەشەو

٢- ناو+ پێشگر=ئاوەڵکاری داڕێژاوە

ڕۆژ+ێ=ڕۆژێ

پیاو+انە= پیاوانە

٣- پێشگر+ناو+ پاشگر=ئاوەڵکاری داڕێژاوە

بە+ پیاو+ەتی=بە پیاوەتی

بە+برا+ەتی= بەبرایەتی

٤- پێشگر+هاوەڵناو= ئاوەڵکاری داڕێژاوە

بە+ پەلە= بە پەلە

بە+خێرا= بەخێرا

٥- ئاوەڵناو+ پاشگر=ئاوەڵکاری داڕێژاوە

دلێر+انە= دلێرانە

مەرد+انە= مەردانە

٦- پێشگر+ئاوەڵناو+ پاشگر= ئاوەڵکاری داڕێژاوە

بە+جوان+ی=بەجوانی

بە+سارد+ی=بەساردی

٧- پێشگر+ئاوەڵکاری سادە =ئاوەڵکاری داڕێژاو

لە+ژێر= لەژێر

لە +ناو= لەناو( خۆشناو,٢٠١٢,لا١٥٠و١٥١ )

### ٣-ئاوەڵكاری لێكدراو:

ئاوەڵكاری لێكدراو بەو ئاوەڵكارانە دەوترێت كە لەدوو وشە یاخود زیاتر پێكدێن .یاساكانی سازكردنی ئاوەڵكاری لێكدراو بەم شێوەیەی خوارەوەن.

١- دووبارەكردنەوە,ژمارە,ئاوەڵناو,ئاوەڵكار:

پۆڵ پۆڵ,دەستە دەستە( ناو )

دوو دوو,چوار چوار( ژمارە )

جوان جوان,ورد ورد( ئاوەڵناو )

كەم كەم,خێرا خێرا( ئاوەڵكار)

٢- دووبارەكردنەوەی وشەیەك لەگەڵ كەرەسەكانی

( او,لە,ەو,بە, پشتاوپشت,دۆلا ودۆڵ, پاشەوپاش.

٣- ئاوەڵناو+بە+ناو=ئاوەڵكاری لێكدراو

پڕبەدەم, پڕبەدڵ

٤-ژمارە+ناویاخود ئاوەڵكار

یەكجار,یەكسەر,یەك شەممە

٥-وشەی( هەر )+ناو ,ژمارە,ئاوەڵكار= ئاوەڵكاری لێكدراو

هەردەم,هەردوو,هەرلا.

٦-وشەی( ئەم,ئەو )+ناو=ئاوەڵكاری لێكدراو

ئەمشەو,ئەمساڵ,ئەورۆ.

٧- پێشگری( له )+سەر+ئاوەڵکاری سادە=ئاوەڵکاری لێکدراو

لەسەرلا, لەسەرپشت.

٨-ناو+ەو+ئاوەڵکاری سادە=ئاوەڵکاری لێکدراو

سەر+ەو+خوار=سەرەوخوار.

٩-وشە+و+وشە=ئاوەڵکاری لێکدراو

تێڕوپڕ, جاروبار.

١٠- پێشگر+ئاوەڵناو لێکدراو+ پاشگر=ئاوەڵکاری لێکدراو

بەدڵشکاوی

١١-ئاوەڵکار+ناوبەند+ئاوەڵکار=ئاوەڵکاری لێکدراو

سەر+ان+سەر=سەرانسەر

زوو+بە+زوو= زووبەزوو

درەنگ +انی+ شەو=درەنگانی شەو

١٢-ئاوەڵکار+نا+ئاوەڵکار=ئاوەڵکاری لێکدراو

پارنا پێرار, دوێنێ نا پێرێ.( خۆشناو, ٢٠١٢, ١٥١و١٥٢)

## ١..٣,٢ :جۆرەکانی ئاوەڵکار

### ئاوەڵکار لەڕووی واتاوە:

ئاوەڵکار لەڕووی واتاوەدەکرێت بەم بەشانەی خوارەوە.

١-**ئاوەڵکاری کاتی**: بەوئاوەڵکارانە دەوترێ کەکاتی ڕوودانی کارەکە دەستنیشان دەکات. ئاوەڵکارە کاتییەکانیش لەکرمانجی ناوەڕاستی زمانی کوردیدا بریتین لە (وا, ئێستا, بەیانی, سبەینێ, هەفتەیەکی تر, ساڵێکی تر, دوایی, دواتر, لە پاشان, , , هتد ).- دوایی دەچم بۆ ئاهەنگەکە.

- ئێستا دەچم بۆ زانکۆ.( خۆشناو, ٢٠١٢, ١٤٤ ) .

٢-**ئاوەڵکاری شوێنی**: بەو ئاوەڵکارانەدەوترێت کەشوێنی رووداني کارەکە دەستنیشان دەکەن ئاوەڵکار شوێنییەکانیش لەکرمانجی ناوەڕاست زمانی کوردیدا بریتیین لە (سەر,ژێر,ڕاست,چەپ, لەسەرەوە, لەخوارەوە, لەژێرەوە,لا,..هتد.

- نەسرین لەژێر دارەکە خەوتووە.
- ئازاد لەسەرەوە دانیشتووە.(خۆشناو,٢٠١٢, ١٤٥)

٣- **ئاوەڵکاری چۆنیەتی**: بەوئاوەڵکارانە دەوترێت کەچۆنیەتی ڕووداني کارەکە دەستنیشان دەکەن,ئاوەڵکاری چۆنیەتیش لەکرمانجی ناوەڕاست زمانی کوردیدا بریتیین لە (جوان,خراپ,خێرا,چاك,باش,..هتد).ئاوەڵکارە چۆنیەتییەکان لەبنەچەدا ئاوەلناوی چۆنیەتین,لەحاڵەتێکدا دەبنە ئاوەڵکاری چۆنیەتی ئەگەر لە ڕستەدا وەسفی کاربکەن , هەروەك لەم نموونانەی خوارەوە دەردەکەون- جوان کچێکی قەشەنگە-ناو

-ریزان جوانە- ئاوەلناوی چۆنیەتی. -هۆزان جوان دەڕوات- ئاوەڵکاری چۆنیەتی(خۆشناو,٢٠١٢, ١٤٦)

٤-**ئاوەڵکاری چەندێتی**: بەو ئاوەڵکارانە دەوترێت کە چەندێتی رووداني کاری ناو ڕستە دەستنیشان دەکەن .ئەووشانەی بۆمەبەستی ئاوەڵکاری چەندێتی لەکرمانجی ناوەڕاست زمانی کوردیدا بەکاردێن بریتین لە :(زۆر,کەم,کەمێك,تۆزێك,فرە,گەلێك,گەلیّ,وەکو.,-سارازۆرخێراهات.

-نانەکەم تۆزێك خوارد.(خۆشناو,٢٠١٢, ١٤٧).

٥- **ئاوەڵکاری نەرێنی (نەفی)**: ئەو ئاوەڵکارەیە کە نەرێنی کارەکە دەستنیشان دەکات.ئەو وشانەی بۆمەبەستی ئاوەڵکاری نەرێنی لە کرمانجی ناوەڕاستی زمانی کوردیدا بەکاردێن بریتیین لە (هەرگیز,هەرگیزاوهەرگیز,بەهیچ رەنگێك,بەهیچ شێوەیەك,..هتد).

-هەرگیزناچمە ئاهەنگەکە.

-بەهیچ شێوەیەك كارناكەین.( خۆشناو,٢٠١٢, ١٤٨ )

٦- **ئاوەڵکاری جەختکردن( دڵنیایی ):** بەو ئاوەڵكارانە دەوترێت .کەجەخت لەسەر ئەنجامدان و جێبەجێکردنی کارەکە دەکات.ئەو ئاوەڵکارانەی, کەبەمەبەستی جەختکردن لەکرمانجی ناوەڕاست زمانی کوردیدا بەکاردێن .بریتین لە( هەر,هەڵبەت,بێشك,بێ سێ و دوو,بێگومان )

- هەردەچم بۆ سەیران.
- بێگومان لەشەڕەکە سەردەکەوین.( خۆشناو,٢٠١٢, ١٤٨ )

٧- **ئاوەڵکاری دووبارەکردنەوە:** بەو ئاوەڵکارانە دەوترێت کە دووبارەکردنەوەو دووپاتکردنەوەی کارێك ڕادەگەیەنن.ئەو وشانەی کەبۆ مەبەستی ئاوەڵکاری دووپاتکردنەوە لە کرمانجی ناوەڕاست زمانی کوردیدا بەکاردێن بریتیین لە :
( دووبارە,دیسان,سەرلەنوێ,جارێکی دێ,جارێکی تر,.. )

- دیسان وانەکە دەستی پێکرد.
- دووبارە دەچێتەوە گەشتەکە.( خۆشناو,٢٠١٢, ١٤٨ )

٨- **ئاوەڵکاری هۆ ومەبەست:** بەو ئاوەڵکارانە دەوترێت کەهۆی ڕوودانی کارێك لەگەڵ مەبەست لەجێبەجێکردنی کارێك دەخەنە ڕوو,ئەو وشانەی کە بۆ مەبەستی ئاوەڵکاری هۆ و مەبەست لە زمانی کوردیدا بەکاردێن بریتیین لە :( لەبەرئەوەی,لەبەرئەوە,چونکە,بەخۆرایی,بەئەنقەست,لەبرسا,لەترسا... )

- پیرەمێردەکە لەداخا مرد.
- منداڵەکەلەبرسا مرد.( خۆشناو,٢٠١٢, ١٤٩ ) .

٩- **ئاوەڵکاری ڕێکخستن**: بەو ئاوەڵکارانە دەوترێت کەشێوە وجۆری جێبەجێکردنی کارەکە دەخاتە ڕوو,ئەو وشانەی کە بۆ مەبەستی ئاوەڵکاری ڕێکخستن لە کرمانجی ناوەڕاستی زمانی کوردیدا بەکاردێن, بریتیین لە :( مەردانە, پیاوانە,ژنانە,مندالآنە,گورگ ئاسا,تاقم تاقم,کەم کەم,دەستەدەستە )

-ئێمە لەماڵەوە بەگشتی کار دەکەین.

-نیوەڕۆ بەدوو قۆڵێ نان دەخۆین.( خۆشناو,٢٠١٢, ١٤٩ )

## ٣,٣,١ :ئاوەڵکار لەڕووی ئەرکەوە

لەڕستەدا ئاوەڵکار دەتوانێ ئەرك ببینێ,بەلآم ئەرکەکانی دیاریکراوە,کەبەم شێوەیەی خوارەوەی

١,٣,٣,١-ئاوەڵکار دەبێتە تەواوکەری کار,جا کارەکە ڕابوردووبێ یا ڕانەبوردوو یا فەرماندان.

-ئازاد خێرا ڕۆیشت. خێرا :ئاوەڵکاری چۆنیەتی تەواوکەری کاری ڕابوردوو

ڕۆیشت:کاری ڕابوردوو

-ئازاد خێرا دەڕوات. خێرا :ئاوەڵکاری چۆنیەتی تەواوکەریکاری رانەبوردوو

دەروات:کاری رانەبوردوو.

-ئازادخێرابڕۆ. خێرا :ئاوەڵکاری چۆنیەتی تەواوکەری کاری فەرمادان

بڕۆ:کاری فەرماندان

٢,٣,٣,١-ئاوەڵکاری دەبێتە تەواوکەری ئاوەڵکارێکی تر یاچەند ئاوەڵکارێکی تر...و بەیەکەوە فرێزی ئاوەڵکاری سازدەکەن.وەکو

-ئەلەند زۆر خێرا رۆیشت.      زۆر:ئاوەڵکاری چەندێتی    خێرا :ئاوەڵکاری چۆنیەتی

فرێزی ئاوەڵکاری

-ئەلەندگەلێك درەنگ هاتەوە. گەلێك:ئاوەڵکاری چەندێتی   درەنگ:ئاوەڵکاری کاتی

فرێزی ئاوەڵکاری ( خۆشناو,٢٠١٤,١٢١ )

٣,٣,٣,١- ئاوەڵکار دەبێتە نیهاد,ئەگەر هاتوو کاری (ڕابوردوو,رانەبوردوو,فەرمانداان )لەنێو ڕستەنەبوو,واتەکاری‌ناتەواو لەڕستەدا هەبێت.کارەناتەواوەکانیش لەزمانی کوردیدا لەبنەغەدا لەچاوگی( بوون )وەرگیراون,کەبەهۆیەوە بۆکاتی ڕابوردوو( بوو )بەکاردێت,بۆکاتی ئێستا( ە ) بەکاردێت وبۆ داهاتوو,ڕەگی( ب ) بەکاردێت.

-دوێنێ هەینی بوو.   دوێنێ:ئاوەڵکاری کاتی( نیهاد )

بوو :کاری ناتەواوە بۆکاتی ڕابوردوو.

-سبەینێ درەنگ بوو.   سبەینێ:ئاوەڵکاری کاتی ( نیهاد )

بوو :کاری ناتەواوەبۆ کاتی ڕابوردوو

ئەمڕۆ شەممەیە.    ئەمڕۆ : ئاوەڵکاری کاتی ( نیهاد )

ە :کاری ناتەواوە بۆ کاتی ئێستا. ( خۆشناو ,٢٠١٤,١٢٢ )

٤,٣,٣,١-ئاوەڵکار دەبێتە گوزارە,دیسانەکە گەر هاتوو کاری ناتەواو لەڕستەدا هەبوو...

-علی گەلێك درەنگە..   درەنگ: ئاوەڵکاری کاتی, تەواوکەری کاری ناتەواو,گوزاریە.

ە :کاری ناتەواوە بۆکاتی ئێستا.

-سبەینێ درەنگ بوو.      درەنگ: ئاوەڵکاری کاتی ,تەواوکەری کاری ناتەواوە,گوزاریە.

بوو :کاری ناتەواوەبۆ کاتی ڕابوردوو.  ( خۆشناو ,٢٠١٤,١٢٣ )

## بەشی دووەم :دەق ولکانی دەق

### ١,٢: پێناسەو زاراوەی دەق.

زاراوەی دەق:زانستی دەق زاراوەیەکی تازە نییە (فۆرمالیستە رووسەکان)لەبیستەکانی سەدەی نۆزدەم بەکاریان هێناوە بەزاراوەی جیاواز ,بۆنموونە:(جاکۆپسن)زاراوەی (زانستی ئەدەبی) بەکارهێناوە و دواتریش هاورێکەی (ئینخباوم )لەگوتارێك بەناونیشانی (تیۆری رێبازی فۆرمالیستی)هەمان زاراوەی بەکارهێناوە ,زاراوەی دەق (text) بەکاردێت بۆنرخێکی دیاریکراو لەزمانەوانیدا ,لێکوڵێنەوە لەگونجان و رێکەوتنی نێوان کەرستەکان دەکات, دەق گوتارێکی نوسراوەو لەدەوری دەوروبەرە رەسەنەکەی بلاّودەکرێتەوە ,بۆیە پێویستە مامەڵەیەکی سیمانتکی لەگەڵ بکەین.(دزەیی,٢٠٢١, ٩٣)

دەق پێناسەی جۆراوجۆری بۆکراو , وەك هەموو زاراوەیەکی تری زمانەوانی لەدوو ڕوانگەوە:

### ١,١,٢:ئەوانەی جەخت لەسەرروخسارو دەق دەکەن:

ئەم پێناسانە دەگرێتەوە کە گرنگی بەلایەنی روخسار دەدەن و ناوەرۆك فەرامۆش دەکەن:

-**برینکر**: پەیوەندییەکی بەیەکداهاتووی نێوان رستەکانە.

- **هالیدای**:هەموو بەدوایەکدا هاتوویەکی رستەدەگرێتەوە کە پەیوەندییەك بەیەکەوەیان دەبەستێتەوە.

**تودۆرۆڤ**: دەق پێکهاتەیەکی سەربەخۆیی داخراوە لەکۆمەڵی رستە پێکهاتووەو واتایەکی روونی هەیە. **هاروگ**: پەیوەندییەکی بەدوایەکداهاتووی ئاسۆییە,کە پەیوەندی رستەسازی دیاردەکات. (دزەیی,٢٠٢١, ٩٤)

### ٢,١,٢ :ئەوانەی جەخت لەسەر ناوەرۆك دەكەن :

ئەو پێناسانە دەگرێتەوە,كەگرنگی بەلایەنی ناوەرۆك واتە واتا یان روخسار و ناوەرۆك بەیەكەوە دەدەن :

-**رۆلان بارت** : پێی وایەدەق چنراوێكە لەكۆمەلێ یەكەمی واتادارو خاوەن چەمك پێكهاتووە.

-**بول ریكور**: گوتارێكی چەسپێنراوە بەنوسین.

-**دیبوگراند** :هەموویەكەیەكی قسەیە ,كەخزمەت بە مەبەستێك دەكات.

-**شمیت** :بەشێكە و بابەتێكی تەوەرەیی دیاردەكات و ئەركی را پەڕاندن دەگرێتە ئەستۆ.

- **محمد** مفتاح : تۆماری رووداوێكی قسەیە و ئەركی جۆراو جۆری هەیە.

### ٢,٢ :لێرەدادەتوانین بڵێن دەق چەند تایبە تمەندییەكی هەیە ,كە بریتین لە :

**أ-تۆمارێكی قسەیە** :واتە وێنەیەكی فۆتۆگرافی یان نیگار نییە هەرچەندە نوسەرپشت بە وێنەی نوسین و ئەندازە دەكات لەشیكردنەوەدا.

**ب- رووداوە**: واتەلەكات وشوێنێكدا روودەدات وخۆی دووبارە ناكاتەوە وەك مێژوو.

**ج- گەیەنەرە**: ئاما نجی گەیاندنی زانیاری و زانست و تاقیكردنەوە بۆ وەرگر.

**د- ئاوێتەییە** : پەیوەندی دروست دەكات نێوان تاكەكانی كۆمەڵ و پارێزگاریش لیدەكات.

**ه- داخراوە** : واتە سەرەتا و كۆتایی هەیە.

**و-بەرهەم هێنەر**:خۆرسك نییە ,بەڵكو بەرهەمی روودانی مێژوویی و دەروونی زمانییە و رووداني تریشی لێدەبێتەوە.( دزەیی,٢٠٢١, ٩٥ )

## ٣,٢ :تایبه تمەندی دەق :

(دییوجراند )چەند پێوەرێکی بۆدەق داناوە کە بریتین ( ٦ )لە :

**١,٣,٢-رێکەوتن:** پابەندبوونی دەقە بەیاسا لێکسیکییەکان و رێزمانییەکان و وشەیی رۆنانییە باوەکانە لەرێگای پەیوەندی ئاسۆیی بەواتایەکی تر دەتوانیێت بلێین رێکەوتنی یەکە بچووکەکانە وەك وشە لەگەڵ وشەیەکی تر بۆدانەی گەورەتر وەك گرێ ورستە ,

بە پێی یاسا رێزمانیەکان.

**٢,٣,٢- لکاندن وگونجان: پەیوەندی دەق دەگرێتەوە لە ڕووی واتا** و بیرۆکە,واتە پەیوەندی چەمکییەکانی نێوان وشە و رستەکانی دەگرێتەوە,کە دەبێت پەیوەندییەکی تەواویان بەدەقەوە هەبێت,لکاندنەکان لەچەند روویەکەوە دەبێت:

١- بنەما لۆجیکییەکانی:وەك هۆیی و گشتی و تایبەتی ...هتد.

٢- زانیاری دەربارەی رێکخستنی روداوەکان و کارەکان و بابەتەکان و هەڵوێستەکان...هتد.

٣- هەوڵدان بۆ پتەوی لەرێگای ئەزموونی مرۆڤایەتی.

**٣,٣,٢- مەبەست:** پەیوەستە بەبەرهەم هێنەری دەق و مەبەست و ئامانجی لەدەقەکە,دەبێت کۆمەڵە رووداوەکانی دەق تەواوکەری یەکتربن بۆ خستنەرووی بەرهەمهێنەری دەق.

**٤,٣,٢- پەسندی:** پەیوەستە بە گوێگر یاخوێنەری دەق وهەڵویستی لەکاتی وەرگرتنی دەقەکە,بێگومان رێکی و گونجان لەنێو کەرستەکان وا دەکات لای خوێنەر پەسند و گونجاوبێت.

**٢,٣,٥- راگەیاندن** :بڕی ئەو زانیارییەی کە دەق دەیدات بە خوێنەرەکەی لەرووی زۆری و کەمیەوە.

**٢,٣,٦- هەڵوێست** :بنچینەی هەڵوێست لەسەر ئەوە بەندە تا چ رادەیەك دەق گونجاوە لەگەڵ پێویستی خوێنەر و دەوروبەر گشتی,دەتوانین بڵێن تایبەتە بەو بنەمایانەی کە وا لەدەق دەکات پەیوەندییەکی پتەوی بەهەڵویستی رووداوەکان هەبێت.ئەم بنەمایە گرنگترین بنەمایە چونکە دەق دەخاتە چوارچێوەی گەیاندن و کۆمەڵ.

**٢,٣,٧- دەق ئاوێزان**: تایبەتە بەو بنەمایانەی کەوادەکات سوود وەرگرتن لەدەق بەپێی زانیاری رابردووبێت,واتە بریتییە لەوکەش و هەوایەی کە دەقەکان تیایدا بەیەك دەگەن, ( لەسەرخوێنەریش پێویستە ئاگاداری ئەو دەقانە بێت کە پێش ئەو کەوتوون یان هاوکات لەگەڵی دەق ئاوێزان چەند روویەکی هەیە وەك:دەقی ئامادە نەبوو,جێگرتنەوەولابردن و دەوروبەر و وەرگر ).( دزەیی,٢٠١٤,٤٦ )

## ٢,٤ :جۆرەکانی دەق :

دەق کردەیەکی گەیاندنی زمانی وکۆمەلایەتییە, پەیوەنییەکی پتەوە کە بەدوای یەکداهاتووەکانی بەیەکەوە دەبەستێتەوە :( دەق مەبەست دەگەیەنێت و کاریگەری دەکەوێتە سەرو کاریگەریش دەکاتە سەرخوێنەر.دەق چەندجۆرێکە,ستانلی فیش و امبریتۆ ایکۆر دەق دابەشی دووجۆر دەکەن:

**٢،٤،١-دەقی کراوە( open text )** :- ڕۆڵێکی گرنگ وکاریگەری خوێنەر دەوێت تادەقەکە تەواوبێت,ئەم دەقە سەرچاوە و وەرگر واتا دیاریکراو ئەم دیاریکراوەی وات ئەوە ناگەیەنێت کەفرە خوێندنەوە نییە ولێکدانەوەی زیاتری بۆناکرێت.( دزەیی,٢٠٢١, ٩٩)

**٢،٤،٢-دەقی داخراو( closed text)** :- ڕووبەرێکی فراوان ناداتە خوێنەر بۆ جوولانەوەی, چونکە تەنها یەك خوێندنەوەی هەیە,( فالیری)پێی وایە, واتایەکی ڕاستەقینەی دەق نییە,واتای دەق پەیوەیستەبەخوێنەرەکەی بەراست و بەهەڵە ,جا ئەگەر خوێندنەووەکە هەڵەبوو ئەوادەقەکە داخراو دەکات وبوار بۆ تێبینی و پرسیار ناهێڵێتەوە ,ئەگەر خوێندنەوەکەشی ڕاست بوو ئەوا جوانی دەقەکە دەخاتە ڕوو و شیکدەکرێتەوە وخوێندنەوەی جیاجیای بۆ دەکرێت.ڕۆلان بارت پێی وایە خوێندنەوەی دەق نایەتەدی تاکو ڕێکی و گونجانی هێما و نیشانەکان ئە نجام نەدرێت ,کە کۆنترۆلێ واتا دەکەن )و بریتیین لە :(ڕێکی لێکدراوە,ڕێکی واتا,ڕێکی هێما,ڕێکی ڕووداو,ڕێکی کەلتوری) ,بەم پێیەکراوەیی داخراوی دەق پەیویەستە بەداهێنەرو ڕێکییە داهێنراوەکان.( دزەیی,٢٠٢١, ٩٩).

**٥,٢ :لکان**

لکان چەمێکێکە ئاماژە بە پەیوەندییە ڕێزمانی و لێکسیکییەکانی دەقێك دەکات( ڕەحیم سورخی) ,یان کۆی ئەو پەیوەندییە ڕێزمانی وفەرهەنگیانەی ناو دەق لەخۆدەگرێ ,کەوادەکات ڕستەکانی ناودەقێك بەیەکەوە ببێنرێ و وەك یەکەیەکی یەکپارچە ویەکگرتوو دەریان بخات.بە بۆچوونی هالیدەی ,ئەو پەیوەندییە ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕی. لەبەیەکەوە گرێدانی پارچەکانی دەق. وەك لکانی ڕستەکان بۆ پەرەگراف ودەق وتێکهەڵێکشانی گوتن وگفتۆ لەبنەڕەتدا لکان چەند جۆرێکی هەیە, کەبریتین لە( لکانی ڕێزمانی,لکانی دەنگی ,لکانی وشەی ).( عومەر,٢٠١٧، ١٨١) .

**٢,٥,١-لكانی ڕێزمانی** : یەکێکی تر لەڕێگەکانی لکان لەناو دەقدا , لکانی ریزمانییە , ئەویش بەهۆی ئەوکۆد و ئامرازە ڕێزمانییانەوە دەبێ, کەقسەکەر یاخود نووسەر وخاوەن دەق بۆلکانی ڕستەکانیان پێکەوە بەکاریان دەهێنن ,لەهەمان کاتیشدا گوێگران و خوێنەرانیش چاوەڕانی ئەوەن ,بەهۆی ناسینەوەی ئەوکۆد و ئامرازە ڕێزمانییانەی بەکارهاتوون, دەقێکی لکێنراوەو تۆکمە بکەوێتە بەرگوێ و بەرچاویان.( عومەر,٢٠١٧, ٥٧ )

**٢,٥,٢-لکانی واتایی** : بەیەکێك لەکلیلەکانی ناودەق دادەنرێ, کە شۆر دەبێتەوە بەناو پارچەکانی دەقێك, یەکە وبیرۆکە پچڕپچڕەکان بەیەکدەگەیێنێ وتێکهەڵکێشی یەکتر دەکات. واتە بەردەوامی ناوخۆی دەقەکەبەشێوەیەکی نادیار لەڕووی واتاییەوە دەگرێتە ئەستۆ,بە پیچەوانەی پەیوەندی لکانە, چونکە لکان لەڕێگەی پەیوەندییە,ڕێزمانییەکان و وشە لێکسیکیەکانەوە یەکەکان بەیەکەوە دەلکێنێ. کەچی ئەویان درێژە پێدری بیرۆکە واتاییەکانی ناو دەقە بەو ڕێگانەی خوارەوە.

١-بنچینە لۆژیکییەکان : واتەلەڕێگەی هۆکاری هاتنەئاراییی و بەئە نجام گەیاندن.

٢-زانیاری لەسەر ڕێکخستنی ڕووداوەکان وکارەکان بە پێی بابەت و دەوروبەری دەقەکە.

٣ – زانیارییە پێشینییەکان.

## بەشی سێیەم :ڕۆلی ئاوەلکارلەلکانی دەق لەڕۆمانی بێ سەرپەرشتان

### ١,٣ : کورتەیەك دەربارەی ئەم ڕۆمانە

ئەم ڕۆمانە باسی کوڕێك دەکات کە ناوی( بیژەنە ) دایکی مردووە لەلای باوك و دا پیری ژیان بەسەردەبات, ڕۆژێکیان لەکتێخانە کتێب دەخوێنێتەوە باوکی دێتەلای دەڵێ کوڕم بەم زووانە دبیەخاوەن دایکێکی میهربان و دڵسۆز ,ئەویش وەلاّمدەداتەوە ئەو کەسەی کەتۆ بەدایکێکی میهربان و دڵسۆز ناوی دەبەی پێ دەڵێن زردایك ,تا ڕۆژێك کە لە قوتا بخانە دەگەڕێتەوە دەبینێت باوکی ژن دەهێنێت ,بەلام ئەودایکە زۆرخراپ دەبێت لەگەڵ بیژەن,

چەندین شتی ناخۆش بەسەر ئەو کوڕ دەهێنێت , باوکی دەڵێت واز لەقوتابخانەی بەیانیان بهێن شەوانە بخوێنە ,ڕۆژانە یارمەتی دایکت بدە ,بیژەن رازی دەبێت تا وایلێهات هەموو ئێشێك بیژەن دەیکرد, بووەخزمەتکاری ئەومالە , تاوای لێ هات ڕۆژێکی ساردبوو باوکی لەماڵ دەریکرد , کەوتەسەر شەقام ,بێ سەرپەرشتبوو تووشی زۆر ڕووداوبوو , بیژەن بڕیاری دا ئەم شارە بەجێ بلهێت بچێتە شارێکی تر, لەوێ چاوی بەکچێك دەکەوێت کە ناوی نێرگزە ,کە ماڵێکی زۆرهەژارو برسی بوون , ئەویش دەچێتە سەر دەریا چاوی بەژن و پیاوێك دەکەوێت کاتژمێری ژنەکە دەدزیت ودەداتە دایکی نێرگز تابیفرۆێشێت,قەرزەکانیان پێ بدەنەوە, بیژەن لەسایەی ئەوکاتژمێرە ١ساڵ دەچێتە گرتووخانە تووشی نەخۆشی دەبێت, کاتێك لەگرتووخانە ئازاد دەکرێت ,دەکەوێتە سەرشەقام. تارۆژێکیان تووشی پیاوێك دەبێت ,دەڵێت ئەو سندوقەم بۆ دەبێتەوە ماڵەوە, ئەویش دەچێت,ژنی ئەومالە دەلێت ئەوتۆکاردەکەی کوڕم؟ ئەویش دەڵێ بەڵێ ئەویش دەڵێ مانگانە بە٦٠ تمەن لەلای ئێمە کار بکە ,ئەویش رازی دەبێت ئەومالە زۆر ئاگاداری بیژەن دەبن ,بیژەن دەچێتەوە بۆ قوتابخانە دەست بەخوێندن دەکات لەهەموو قۆناغەکان پلەیەکی زۆرباش بەدەست دەهنێت ٤ ساڵ لەلای ئەومالە دەبێت , ئەومالە دەچنە ئەوروپا ,ئەویش لەلای مالێ دادوەرێك دەبێت بەبلاش ئیش بۆ ئەو مالە دەکات , شەوانیش دەخوێنێت پلەی سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت , دەبێتە دکتۆر و نێرگز دەهێنتەوە لای خۆی و مارەی دەکات , نێرگز دەبێتە هاوسەری ,بیژەنیش نەخۆشخانەیەك دەکاتەو دەبێتە دکتۆرێکی سەرکەوتووە,

ڕۆمانی ( بێ سەر پەرشتان ) ئەو کتێبەیە کە فێری خۆڕاگری و مرۆڤبوونت دەکات ئەو کتێبەی کەوادەکا مرۆڤ هیچ کات لەژیان بێ هیوا نەبێ هیوادارم هەمووان بیخوێننەوە وتەی ئەو"منالە بێ سەرپەرشتە"ی کەبووە دکتۆر بۆ خوێندکارەکانی :هیوا کلیلی تەواوی درگا داخراوەکانی ژیانە.مرۆڤی بێ هیوا جگەلە مردوویەك هیچی دی نیە,چونکە ئەوەهیوایەکە مرۆڤ بەرەو ژیان ڕادەکێشێ. تەنانەت لە سەخترین قۆناغەکانی ژیانیشدا نابێ بێ هیوا بین,وابژین کە هەموو ئێوەیان خۆشی بوێت ئێوەش ئەوانی دیکەتان خۆشبوێ هەوڵدەن لەژیاندا پێش هەموو شتێك مرۆڤ بن.تەنیا فێری زانستیش بن چونکە زانست مرۆڤ لەقۆناغی نەزانییەوە دەبات بۆ بەرزترین قۆناغی ژیان. ,لەرێگەی خوێندنەوەی ئەم ڕۆمانە دڵت نەرمدەبێ ,ئەم ڕۆمانە فێرمان دەکات هەرچەندەئەگەر کەسانی چواردەورمان هاوکارمان نەبن تەنانەت ئەگەرئازیزترین کەس نەمیش لەخۆمان نەگرن دەستی میرو ئەوین و خۆشەویستی بەسەرمان دا نەهێن و هەرچەندە بارودۆخ سادە و دژواربێ دەتوانین خۆمان بکەوینە سەرپێ ڕۆژگارکیش دادێ ئەو کەسانەی کە لەخۆیان نەگرتین داوای هاوکاری و یارمەتیمان لێ دەکەن وەکوئەو پەندی کوردیەی کە دەڵێ چیا بە چیا نەکەوێ ئادەمیزاد چاویان بەیەکتر دەکەوێتەوە.

## ٢,٣ ئاوەڵكارەكان لەڕۆمانی بێ سەرپەرشتان

### ئاوەڵكار لە ڕووی واتاوە دەكرێت بەم بەشانەی خوارەوە:

### ١,٢,٣ :ئاوەڵكارە كاتییەكان لەڕۆمانی بێ سەرپەرشتان ئەمانەن كە لەخوارەوە ئاماژەی پێ دەكەم:-

( ڕۆژانە, شەوانیش, لەداهاتوو, ئێستا, سائێك, دووساڵ, لەناكاو, دواتر,بەو زووانە ,زۆر زوو, بەهار,سالێك لەمەوبەر, ڕۆژ, هەفتەیەك, ڕۆژی یەكشەممە, خولەكێك , لەوكاتەدا, هەتا عەسرێ, دەمەوخۆرئاوا, لەمەوبەر, نیوەشەو, دەمەوبەیانی, ڕۆژانی داهاتوو, زستان, دوای نیوەڕۆیەك, نیوكاتژمێرتر , سێزدە ساڵە, دوومانگ, ئێوارە, ساڵ, پاییز, هاوین, لەدوێنیشەوەوە, دووڕۆژە, زوو, ڕۆژبەڕۆژ,لەبەیانییەوە, ڕۆژیدواتر, یەك خولەكی دی, ئەمشەو, كەنگی, ڕۆژێك, ئێوارییەك, شەو, سەدەیەك, ماوەیەكەكە, سبەی, كۆتاخولەك, پاش یەكە هەفتە, دوای چەند دەقیقەیەك , مانگەشەو, چارەگێك... )

### ٢,٢,٣ :ئاوەڵكارە شوێنییەكانیش لەڕۆمانی بێ سەرپەرشتان ئەمانەن كە لە خوارەوە ئاماژەی پێ دەكەم :-

(ژوورە كە, سەر , شەقام, دەرەوە, لە بەردەم, لەتەنیـ شت, كۆڵانەكەما ندا, باڵاخا نە, بەراذ بەر, دو كان, لەپیش,لە سەر شەقام لای پە نجەرە, دواوە, دەر یا, كتێبخا نە, لەنێو, پـ شت, خوارێ, مالٓ, ذ هۆم, لەنێوان, لەقەراغ حەوشەكەدا, باخ چە, لەناوەڕا ست, شار, قوتابخا نە, لە كەناری حەو شە,لەنهۆمی خوارەوە, حەوشە, لەژێر خا كدا, گو ند, بازاڕ, ژووری م یوان, لەخوار , لەناو, فەرماذ گە , باغ , جادە ,كو چەوكۆڵان ,دەریاچەیەكی بچووك, كەناردەریا ,دەریاچە , هوتێل,گرتووخانە ,دادگە ,خوێندنگە ,گەڕەك,ڕووبار, شاخ, زانكۆ,ژووری چارەسەر, لەنزیكەوە, بن, نەخۆ شخانە, مز گەوتێكی گەورەوە, كەلاوە یەك, بینا كە, باكوری شار, بنكەی ئاسایش, گەراج, سینەما, مە یخانە...)

### ٣,٣,٣ :ئاوەڵكارە چۆنیەتییەكان لەڕۆمانی بێ سەر پەرشتان ئەمانەن كەلەخوارەوە ئاماژەی پێ دەكەم :-

(جوان, بەخێرایی, بەخرا پی, بەهێمنی, چاكە, بە پەلە , بەباشی, بەئارامی, خێرا, بەجوانی, بەهێواشی, بەڕاستی, بەتووڕەیی, بەدڵسۆزییەوە...)

**٤,٣,٣ :ئاوەڵکارە ڕێکخستنەکان لە ڕۆمانی بێ سەرپەرشتان ئەمانەن کەلەخوارەوە ئاماژەی پێ دەکەم:-**

**( جارجار, دەستە دەستە, وردە وردە, منداڵانە, پۆل پۆل, پیاوانە, مرۆڤانەیە, کوڕانە..)**

**٥,٣,٣ :ئاوەڵکارە نەفی و ( نەرێنیەکان )لەڕۆمانی بێ سەرپەرشتان ئەمانەن کە لەخوارەوە ئاماژەی پێ دەکەم:-**

**( هەرگیز, هەرچییەك بێت, هەرچۆنێك بێت, لەهیچ وخۆڕایی, بەهەرشێوەیەك, هەرچییەك, هیچ کات, هیچ هیوایەك...)**

**٦,٣,٣ :ئاوەڵکارەکانی جەختکردن و( دڵنیایی ) لە ڕۆمانی بێ سەرپەرشتان ئەمانەی خوارەوەن ئاماژەی پێ دەکەم:-**

**( هەر, هەڵبەت, بەدڵنیاییەوە, هەرە...)**

**٧,٣,٣ :ئاوەڵکارە چەندێتیەکان لەڕۆمانی بێ سەرپەرشتان ئەمانەن کەلەخوارەوە ئاماژەی پێ دەکەم:-**

**( زۆرجار,زۆر,هێندە,کەمتر,زیاتر,چەند,کەم تازۆر, دووهێندە, تاڕادەیەك, کەمێك, ئەوەند, زۆرکەم, بڕێك, تەنیا...)**

**٨,٣,٣:ئاوەڵکاری دووبارەکردنەوە لە ڕۆمانی بێ سەرپەرشتان ئەمانەن کە لەخوارەوە ئاماژەی پێ دەکەم:-**

**(دیسان , دووبارە...)**

**٩,٣,٣:ئاوەڵکار ژمارییەکان لەڕۆمانی بێ سەرپەرشتان ئەمانەن کە لەخوارەوە ئاماژەی پێ دەکەم:-**

**(یەك, چوار, سێ, دوو, یەك,سێزدە, هەشت, دووسەدوپە نجا, سەداسەد ,یەکودوو , نۆونیو, حەوت , پێنج ,دە, شەش, دوازدە, پازدە ,هەزار ,سی, بیستو پێنج ,سەدو پە نجا ,بیست وچوار...)**


**١٠,٣,٣:ئاوەڵکارهۆ و( مەبەستەکان )لەڕۆمانی بێ سەرپەرشتان ئەمانەن کە لەخوارەوە ئاماژەی پێ دەکەم:-**

**(لەتاوبرسییەتی, لەترسان, لەبەرئەوەی, لەبرسان, تاسابوو...).**

ژمارەی ئاوەڵکارەکان لە ڕۆمانی بێ سەرپەرشتان لەم خشتەی خوارەوە ئاماژەی پێ دەکەم:-

| ژ | ئاوەڵکارەکان لەڕۆمانی بێ سەرپەرشتان | ژمارەی ئاوەڵکار |
| --- | --- | --- |
| ١ | ئاوەڵکاری شوێنی | ٦٥ |
| ٢ | ئاوەڵکاری کاتی | ٥٢ |
| ٣ | ئاوەڵکاری ژمارەیی | ٢٠ |
| ٤ | ئاوەڵکاری چۆنیەتی | ١٤ |
| ٥ | ئاوەڵکاری چەندیەتی | ١٤ |
| ٦ | ئاوەڵکاری ڕێکخستن | ٨ |
| ٧ | ئاوەڵکاری نەفی ( نەرێنی ) | ٨ |
| ٨ | ئاوەڵکاری هۆ( مەبەست ) | ٥ |
| ٩ | ئاوەڵکاری جەختکردن( دڵنیایی ) | ٤ |
| ١٠ | ئاوەڵکاری دووبارەکردنەوە | ٢ |

**ژمارەی ئاوەڵکارەکان لە ڕۆمانی بێ سەر پەرشتان لەم هێڵکاریەی خوارەوە ئاماژەی پێ دەکەم :**



## ئەنجام

**لەدوو توێی ئەم باسەدا گەیشتینەی ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:-**

**١-بەرزترین رێژەی ئاوەڵکار لەڕووی پێکهاتنەوە لەم ڕۆمانەدا ئاوەڵکاری سادەبوو ,نزمترین رێژەش ئاوەڵکاریی داڕێژاوە بوو...**

**٢-بەرزترین ڕێژەی ئاوەڵکار لەڕووی واتاوە لەم ڕۆمانەدا ئاوەڵکاری شوێنی بوو ,نزمترین رێژەش ئاوەڵکاری دووبارەکردنەوەبوو...**

**٣-ئاوەڵکارەکانی کات و شوێن و نەفی زیاتر لەسەرەتای پەرەگراف و ڕستەکان دادەهاتن.**

**٤-ئەو ئاوەڵکارانانەی کە ڕۆڵێکی دیاریان هەبوو لە بەستنەوەی ڕستەکان و لەنێوانیان دا دەردەکەوتن بریتین بوون لە چۆنیەتیەکان و چەندێتیەکان.**

**٥-ئاوەڵکاری هۆ (مەبەستەکان) زیاتر لەکۆتایی ڕستەکان دا دەردەکەوێت,**

**٦-ئاوەڵکاری کات و شوێن و زۆر لەناو ڕۆمانەکەدا دووبارەبووتەوە وەکو بۆ نموونە : ئێستا ٦٠ جار لەناو ڕۆمانەکەدا دووبارەبووتەوە وە ئاوەڵکاری لەوکاتەدا٧٤ جار دووبارەبووتەوە وە ڕۆژێك ٢٧ جار دووبارەبووتەوە ,وە ئاوەڵکاری شوێنی لەسەر ٢٢ جار دووبارەبووتەوە, پشت ١٧ جار دووبارەبووتەوە.,لای ٣٤جار دووبارەبووتەوە,....**

**٧-ئاوەڵکارەکان ڕۆڵێکی ریزمانی و واتایی زۆریان لە لکاندنی دەقدا لە ڕۆمانەکەدا بینوە. ,هەروەها بونەتە هۆیی یەکگرتویی دەق و واتا پێکەوە.**

# سەرچاوەکان


١-ئەمین,نوری عەلی,(٢٠١٢),ڕێزمانی کوردی ,چاپخانەی ڕۆژهەلات,چاپی دووەم,هەولێر.

٢-خۆشناو,نەریمان عەبدوڵلا,(٢٠٠٩),بەشەکانی ئاخاوتن,چاپخانەی منارە,چاپی یەکەم ,هەولێر.

٣-خۆشناو ,نەریمان عەبدوڵلا,(٢٠١٢),ڕێزمانی کوردی(کرمانجی ناوەڕاست و کرمانجی سەروو),چاپخانەی ڕۆژهەلات,چاپی دووەم ,هەولێر.

٤-خورشید,غازی عەلی,(٢٠١٣),ڕێزمان,بلاّوکراوەی ئەکادیمیای کوردی,چاپخانەی حاجی هاشم,هەولێر.

٥-خۆشناو , نەریمان عەبدوڵلا, (٢٠١٤) , ڕێزمانی کوردی ,چاپخانەی ڕۆژ هەلات,چاپی شەشەم,هەولێر.

٦-دزەیی,عەبدوالوحید موشیر,(٢٠١٢),وشەسازی زمانی کوردی,چاپی یەکەم,هەولێر.

٧-دزەیی,عەبدوالوحید موشیر,(٢٠٢١),نیشانەو دەق و واتا,چاپی یەکەم ,هەولێر.

٨-دزەیی , عبدالواحید موشیر , (٢٠١٤) , پراکماتیکی دەق وگوتار , لەبەرێوبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان , چاپی یەکەم , هەولێر

٩-سەعید,یووسف شەریف,(٢٠١٣),وشەسازی چالاکی لیژنەی ڕێزمان,بلاّکراوەی ئەکادیمیای کوردی,هەولێر.

١٠ -شوانی ,رەفیق شوانی,(٢٠١٤),وشەسازی زمانی کوردی (لێکۆلینەوەیەکی تیۆری و پراکتیکی),دەزگای هەوالْ,چاپخانەی داودی,چاپی دووەم,کەرکوك.

١١-عومەر,تەلان محەمەد,(٢٠١٧),شیکردنەوەی دەقی وتارە ئاینییەکانی ڕۆژی هەینی لەشاری هەلێردا,نامەی ماستەر,کۆلێژی زمان,زانکۆی سەلاحەددین.

١٢-عەلی,بەکرعومەر,(١٩٩٢),بەستن و کرتاندن لەکوردیدا,نامەی ماستەر,کۆلێژی ئادەب ,زانکۆی سەلاحەددین.

١٣-مارف,ئەورەحمانی حاجی ,(١٩٩٨),ڕێزمانی کوردی,دەزگای ڕۆشنبیری وبلاّوکردنەوەی کوردی,چاپی یەکەم ,بەغدا,

١٤-نەسیری,قودسی نەسیری,(٢٠٢١),ڕۆمانی بێ سەرپەرشتان,ناوەندی ڕۆشنبیری ئەدیبان,چاپی پێنجەم,سلێمانی .